## سەرۆک کۆمار داوا لە موقتەدا سەدر دەکات بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتودا بکات



عەبدوڵڵەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك كۆماری عێراق ئەمڕۆ هەینی نامەیەكی ئاراستەی موقتەدا سەدر سەرۆكی ڕەوتی سەدر كرد و داوایكرد، بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتودا بكات و بڕیارەكەی بۆ بایكۆتی پرۆسەكە هەڵبوەشێنێتەوە .

عەبدوڵڵەتیف جەمال ڕەشید لەو نامەیەکدا داوای لە موقتەدا سەدر کردووە، بڕیارەکەی بۆ بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە بڕیارە لە مانگی (تشرینی دووەم/11)ی 2025 ئەنجامبدرێت هەڵبوەشێنێتەوە و بەشداری لە پرۆسەکەدا بکات.

مانگی ڕابردو موقتەدا سەدر بەشداری نەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا ڕاگەیاند و ئاماژەی بە "گەندەڵی و گەندەڵکاران" کرد، هاوکات ڕایگەیاندبو عێراق "دوا هەناسەی خۆی بەخۆیەوە دەبینێت".

لە مانگی (حوزەیران/6)ی 2022، سەدر بڕیاریدا لە پرۆسەی سیاسی عێراق بکشێتەوە و بەشداری

